

کۆمەڵێک وتارو لێدوانەکانی

هاوڕێ شەهێن زادەئەحمەد

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەزەڵوەری ٢٧٢٦ی کوردی = نۆڤەمبەری ٢٠٢٦ی زایینی

پێڕست:

١- ژن له سێ بەستێنی گرینگی کولتوور، زانست و ئابووریدا..... ٣

٢- کورتەیەک له خەباتی سەرانسەریی ژنانی ئێران بەگشتی و بەتایبەتی ژنی کورد و شۆڕشی ژینا..... ٦

٣- ردەی بەکـۆمەڵ..... ١٣

٤- پەردەلادان لەسەر خوێناویترین جەنایەت له میژووی کوردیدا..... ١٦

٥- ٢٥ی نۆڤەمبر و ئەرکی ژنان..... ١٩

٦- هێزی نوخبە: توانایەکی کاریگەر، بەربڵاو و شوێندانەر..... ٢٣

٧- کوردەکان له ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا: له شوناسی کولتووریيەوە هەتا داخوازیی سیاسی و نەتەوەیی..... ٢٥

٨- هاوپەیمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ پێویستییەک له قۆناغی گۆڕانکاریی ئێراندا..... ٣٠

بەشێک وتار بەزمانی فارسی

١- انقلاب پدیده‌ای ناگهانی نیست، بلکه عملکرد و برنامه‌ریزی‌های تدریجی و چند بعدی است..... ٣٦

٢- تاثیر زن در رسانه‌های تصویری..... ٤٠

٣- کوردها در خاورمیانه: از هویت فرهنگی تا مطالبه‌ای سیاسی..... ٤٢

٤- حزب دموکرات و ناسیونالیسم افراطی ایرانی: تقابل گفتمانی و افق‌های متضاد..... ٤٦

٥- بیش از یک یادبود؛ اندیشه قاسملو به‌عنوان یک ضرورت سیاسی..... ٥٠

٦- آینده از آن کسانی است که امروز برای آن طرح دارند، نه آنان که فقط از بحران می‌گویند..... ٥٤

٧- گذار از قربانی‌بودن به عاملیت تغییر..... ٥٨

٨- از اسلام‌آباد تا مسکو؛ تلاش پوتین برای اثرگذاری بر پایان جنگ ایران..... ٦٢

٩- بانگەوازی بۆ نوێنەری ئەنجومەنی شارەوانی له شاری تورکو فینلاند..... ٦٨

ژن لە سێ بەستێنی گرینگی کولتوور، زانست و ئابووریدا



ژنی کورد و کۆسپەکانی کولتووری داسەپاو

ئەگەر بە چاوخشاندنێکی خێرا لە سەر پێگەی ژن، ماف و نەخشی ژن لە کۆمەڵگەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، ئاوڕێک لە مێژووی چەند دەیەی پێش ئێستا بدەینەوە، هەر لە بنەماڵە، کۆڕوکۆمەڵ و دواتر شارستانییەت بە پێی هەلومەرجەکان، کە چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵ کراوە، ژن چۆن توانیویەتی بە چ تێچوویەک خۆی گونجاندووە لەگەڵ ڕەوتی ژیانی ڕۆژانەی کە دابونەریت، کولتووری خۆجێیی و فەرهەنگی داسەپاو کە شوێندانەرە بەسەر کۆمەڵگەکەیدا؟ هەروەها بێجگە لەم نۆرمە لە واقعیەت!!! بواری ئیداری لە یاسای حکوومەتە، کە جیا لە ستەمی نەتەوەیی و سیاسی ستەمی چەندقاتی بۆ ڕەگەزی مێینەیە، هۆکاری سەرەکین کە کەمترین مەجالی بۆ ژن نەهێشتۆتەوە تا بتوانێت توانا و هێزی خۆی لە بەستێنەکانی جۆراوجۆر دەربخات، گومان لەوەدا نامێنێتەوە کە ڕەگەزی ژن بەلەبەرچاوگرتنی ئەم یاسا و ڕێسایانە لە کولتوور و نیزامی حکومەتی خۆی لە پانتایی بەربڵاوی سەنعەت، سیاسەت، ئابووری و ئیداری ناوچە و وڵاتدا ببینێتەوە و لە بەڕێوەبەری و داهێنەریی دا هیچ ڕۆل و نەخشێکی هەبێت، بڕوانن دەرگاکانی پێشکەوتن و گەشەکردن ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە سەر ژناندا داخراون، بەڵام لە وەها حاڵەتێکدا دوو فاکتی سەرەکی لانیکەم کاریگەرییان بەسەر کەرامەتی ژن داناوە، یەکیان ژنان لەبەرانبەر گرێبەستە فەرهەنگی یان کولتووری، دووهەمیان سەرهەڵدان و بوونی بزوتنەوەی مۆدێرنی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، توانی ژنان لەبێدەرەتانی و ستەمی فەرهەنگی داسەپاو، وردەوردە بێنێتەدەر، ژن لە گرێبەستە فەرهەنگییەکاندا سەرەڕای چەوسانەوەی، لە کۆمەڵدا ڕێزی تایبەتی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە، یانی لەمپەرەکانی سیستمی یاسا و داب ونەریت نەیانتوانیوە لە سەر خەلاقییەت و خسڵەتی ژنانەیاندا کاریگەریی زۆری هەبێت، بۆ نمونە لە

بنەماڵەدا کە کۆڵەکەی بەهێزی هەر کۆمەڵگەیەکە، سەرپەرستی، حاملاندن و خێزانداری، پەروەردە، مودیرییەت لە داهات و دەرکەوتی بنەماڵە، یارمەتیدان، نەزم، پاک وخاوێنی بەوپەڕی دلسۆزییەوە بەڕێوە بردووە. ئەم پوانە زێڕینە بە خۆشییەوە لەکارنامەی ژنانی چەوساوەی کورد بە شانازییەوە سەیری دەکرێت. بزوتنەوەی مۆدێرنی کورد بەتایبەتی، ڕێزی بۆ پیاو و ژن وەک یەک داناوە تا حەددی توانا کاری لەسەر بنبڕکردنی هەر چەشنە چەوسانەوەیەک دژ بە ژنان، لە بەرنامەی کاری دا گونجاندووە. ئەم پاشخانە زەمینەیەکی باشی بۆ ئامادە بوونی چینەکانی کۆمەڵگە بەرەوڕووی گەشەی فیکری و ڕەفتاری تاکەکان کردۆتەوە و گاریگەریی ئەرێنی بەسەر بافتی کۆمەلایەتی داناوە و بەپێی شەرایەت توانیویەتی ئاڵوگۆڕ لە فەرهەنگ و کولتوور بەسەر ڕوانگەی تاکی کۆمەڵگە بە ژن و پیاو لە بەرانبەر ڕۆل و نەخشی ژن پێکبێنێت.

ژنی کورد و گەشەی زانست

جیا لە فاکتی سەرەوە کە ئاماژەمان پێی دا کاریگەرتر، لافاوی تکنۆلۆژی، پەرەی پێوەندییەکان و ماسمێدیا بوو کە سنووری وڵاتانی جیهانی یەک بەدوای یەکدا بەزاند، شەپۆلی سەرکەشی ئەم لافاوە وڵاتانی دواکەوتوو و دەرگا بەستراوەکانیشی وەبن خۆیدا، کۆمەڵگەی ئێمەش بەگوێرەی ئیمکان وشیارانەتر لە پێشوو پێشوازی لە کەرەسەکانی ئاڵوگۆڕخوازانەی ئەم ڕەوتە کرد و هەنگاوەکانی بۆ خۆپێگەیاندن خێرا کرد، لاوەکان زیاتر خزانە ناو خوێندنگەکان و زانستی ڕۆژ، فەهم و شعوری نەتەوایەتی و سیاسی گەشەی کرد، ژنانیش بە بوونی زۆر کەند و کۆسپی سەر ڕێگا، لەم بەرهەمانەدا بێبەش نەمانەوە و تاڕادەیەک خۆیان پێگەیاند، زۆر جار بەڕادەی پیاوان لە خوێندنگەکان زانستگەکان حزووری بەرچاویان هەبووە و سەرکەوتوانە بە بڕینی پلە و پایە بڕوانامەی بەرزیان لە زۆر بوارەوە وەدەست هێنا و بە بڕوانامەی جۆراوجۆر ئامادە بۆ بەڕێوەبەری، کار وشوغل چاوەڕێ مانەوە، ئەمجارەش ژنان دووبارە بە شێوەیەکی‌تر نەیانتوانیوە توانا و زانستیان بۆ بەڕێوەبەری و خاوەنکاری و بەرهەمهێنان وەگەڕخەن ئەمجارەش سەرباری کۆمەڵگە مانەوە، هەرچەند گەشەی زانست وتکنۆلۆژی ئوتوماتیک ژنانی باوەڕبەخۆ بوونی، لە قالبی کولتوور و فەرهەنگی کلاسیک بەرچاوتر هێنایەدەر، بەڵام بەداخەوە بە شێوەی دڵخواز نەتواندرا لە کۆسپ و سەددی سیستمی مەزهەبی دەرباز بن بۆ چوونە نێو سیستەم کار و پیشەی گونجاوی خۆیان و..

ژنی کورد و سەربەخۆیی ئابووری و دارایی

پشتیوانی، چاوەدێری و مودیرییەتی سیستماتیک بۆ سەربەخۆیی ئابووری یان دارایی تاکەکان لە هەر کۆمەڵگەیەک، پایە و ئەساسی متمانە و ئەمنییەت پتەو دەکات و زامنی بەختەوەری و گەشەی وڵات لە گشت بوارەکاندا بەڵانی زۆرەوە گارانتی دەکا هەروەها زۆربەی گیروگرفتەکان، گرێپوچکەکانی ناو کۆمەڵگە دەکاتەوە، حاشای لێناکرێت سەربەخۆیی ئابووری تاکەکان بەتایبەت ژنان لە گەل عورف و شەرع و یاسای سیستمی دیکتاتۆریی مەزهەبی نیزامی حاکم بەسەر ئێراندا

ناتەبایی هەیە بەتایبەت لەکوردستان، هۆکارەکەش ڕوون و ئاشکرایە، سەربەخویی دارایی و ماڵی ئاسودەیی و ئەمنیەت بە تاک دەبەخشێت، کێشەکانی کۆمەڵگە کەمڕەنگ دەکاتەوە، داڵغەی ڕووحی و ڕەوانی کەم دەبێتەوە، تاکی کۆمەڵگە بە بیرێکی ئاسودە لەهەموو بوارەکاندا دەتوانێ بە ئەمنیەتەوە بڕیار بدات، کەوایە بەربەستی سەرەکی لە پێشگیری دارایی و سەربەخۆیی ماڵیی ژنان بێشک مەبەستی تایبەتی لەپشتە، نیزامی مەزهەبی، متمانە بەخۆبوونی ژن و ئاسوودە ژیان بەخشین بە ژن خەتەرێکی گەورە لەسەر ڕێگای مانەوەی و بەڕێوەبەریی سیاسەتەکانی خۆی دەزانێت، ئەم ڕێژیمە بەکەلکوەرگرتن بە یاسای بنەڕەتی توانیویەتی لانیکەم بەشێکی زۆر لە نیوەی کۆمەڵگە سڕ و بێ هێز بکات تا بە هیچ شێوەیەکی قانوونی و غەیرە قانونی نەتوانێت کەمترین شۆڕشی لە سەر ڕەوتەکانی چالاکیی کۆمەلایەتی، سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی داهەبێت.

کۆتا پەیامی ئەم بابەتە

دەڵێن ماف نادرێ، دەبێ هەوڵی بۆ بدەیت و وەریبگری، هەر وەک ئاشکرایە بەخۆشیەوە ئاڵوگۆڕەکانی دەرەکی و ناوخۆیی ئەگەر کەمترین سوودی بۆ فەزای داخراوی ئێران هەبووبێت بۆ کوردی ڕۆژهەڵات بە تایبەت ژنانی کورد بۆتە دەرفەت و کەلکی پێویستیان لەمەڕ نوێبوونەوە و خۆگونجاندن و خۆپێگەیاندن لێوەرگرتووە، ژنی کوردی ڕۆژهەلات پێویستە لەم هەل و مەرجەدا هەوڵی سەرەکی خۆی بۆ هاوبەشی لە گشت بوارەکان دا لە زۆربەی موئەسیساتی کۆمەڵایەتی، ئیداری، ئابووری و پیشەیی دا ببینێتەوە، موشارەکەت دەتوانێت تواناکانت بناسێنێ و ئیرادە و باوەڕ و گوفتمان بە قووەتی خۆی مسۆگەر بکات و توانای ماڵی وداراییی بەهێز و بەهێزتر بهێڵێتەوە، گرینگیی ئەم زەروورەتە دەتوانێت کانالێک بێت بۆ سەربەخۆیی بڕیاردان لە گشت بوارەکانی ژیان دا و هەمیشە وەک ئەهرومێکی فشار کاریگەریی بەسەر زۆر هاوکێشە و تکنیک و تاکتیکی بەڕێوەبەریی کۆمەڵگەدا هەبێت و ڕۆلی موناسب بگێڕێت ،

هیوادارم هەموولایەک بەهەر ڕێکار و میکانیزمێکی گونجاو بتوانین کاریگەریمان هەبێت بەسەر وەدیهێنانی پرسی نیوەی کۆمەڵگە واتە پرسی ژن و مافە پێشێلکراوەکانیان ، گەیشتن بەماف هەزینە خۆی دەوێت، ژنانی کورد دەبێ دڵنیابن ئاسۆی ڕزگاریان لە هەموو کاتێکدا ڕوونترە حیزبەکانی پێشکەوتوو، لە لایەکیترەوە پیاوان و ژنانی ڕۆشنبیر و ئازادیخواز بە سەخاوەتەوە بە وردبینیەوە توانیویانە ئەم کەمایەسیە لە کۆمەڵگەدا باش هەست پێبکەن بۆیە بیرمەندانە توانیویانە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ فەرهەنگی سەقەتی داسەپاو تا ڕادەیەکی بەرچاو نەوژەن کەنەوە و نەسڵی تازە بەدوور لە دەمارگرژیی مەزهەبی، پیاوسالاری و تەبعیزی ڕەگەزی بە ڕوانینی سەردەم پەروەردە بکەن.

سەرچاوە ماڵپەڕی: یەکێتی ژنانی دێموکرات:

١٢ی جۆزەردانی ١٤٠٠ = ٢ی جوونی ٢٠٢١

کورتەیەک لە خەباتی سەرانسەریی ژنانی ئێران بەگشتی و بەتایبەتی ژنی کورد و شۆڕشی ژینا



لە مێژووی نوێی ئێراندا ژنان بۆ یەکەم جار لە سەردەمی بزوتنەوەی مەشروتەیدا ١٩٠٦ کە بە پێکهێنانی ڕێکخراوەی تایبەت بە خۆیان بەشداری لە ڕووداوە سیاسیەکان دەکەن و کەم و زۆر لەم بزوتنەوەیەدا بەشدار بوون، بەڵام لە یاسای بنەڕەتی دا ١٩٠٦ مافیان وەبەرچاو نەگیرا و بۆ وێنە لە یاساکانی زەواج، تەلاق، سەرپەرەستی منداڵ، و بەتایبەتی لە مافی دەنگدان بێ بەش کران.

قۆناغی پەهلەوییەکان

هەرچەند ژنان لەم قۆناغەدا مەجالیان بۆ ڕەخسا کە لە بواری کۆمەڵایەتی و مودیریەتی بە براوەرد بە ڕابردوو چالاک بن و تەنانەت مافی دەنگدان لە سالی ١٩٦٣ دەستەبەر بکەن و ڕێکخراوەی تایبەت بە خۆیان هەبێ، بەڵام ئەوەی کە ئەم ڕێکخراوەیە سەربەخۆ لە دەزگای دەوڵەت دابن، مەجالی پێ نەدرا و ئامانج و کردەوەکانی ئەم ڕێکخراوەیە لە ژێر کۆنترۆلی دەوڵەت دابوون.

ژنان لەم قۆناغەدا بە تایبەت لە سەردەمی محەممەدرزا شای پەهلەوی لە ڕیزی حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزسیۆنی ڕێژیم دا چالاک بوون و هەربۆیە تێکۆشانیان زۆرتر لایەنی سیاسی هەبوو کە ئامانجی سەرەکی گۆڕانی ڕێژیمی دەسەڵاتدار بوو.

هەروەها خەبات بۆ یەکسانی لە چاورچێوەی خەباتی چینایەتیدا، و لەم بوارەشدا ژۆریان لە خۆبردوویی و زەحمەت کێشا، بەدەیان ژنی چالاکی سیاسی لە ژێرئەشکەنجەدا بەهۆی ساواک و یا لە تێکهەڵچوون لەگەڵ پۆلیسی ئەمنیەتی کۆژران و ژومارەیەکی زۆریان لە زیندانەکاندا تەمەنیان تێپەر کرد. بۆ وێنە ئەو ژنانەی کە لە ڕێکخراوەکانی چریکی و چەپدا بوون. دەبێ ئەو ڕاستیە کە حاشای لێ ناکرێ، لەم سالانەدا خەباتی ژنان بۆ یەکسانی لەگەڵ پیاوان بەهۆی زالبوونی دیسکۆرسی چەپەوە کەوتبووە پەراوێزەوە و ببوو بە تابعێک لە خەباتی چینایەتی.

ژنی کورد لەم قۆناغەدا

بەهۆی بوونی پێوەوندیەکانی سیستمی دەرەبەگایتی و عشیرەیی و زاڵبوونی کولتووری سوننەتی و دواکەوتووی کوردستان لەڕووی پیشەسازی و شارنشینی و هەروەها دووڕکەوتنەوەی حیزبە کوردییەکان بۆ ئەودیوی سنورەکان. ڕۆڵ و خەباتی ژنان بەرچاو نییە و بێجگە لە سەردەمی کۆماری کوردستان ١٩٤٦ کە بە هۆی قازی محەممەدەوە بۆ یەکەم جار شاهیدی جموجۆڵی سیاسی و خۆڕێخستنی ژنان بووین لە ڕێکخراوەی تایبەت بە خۆیان و دواتر لە سەردەمی سەرۆک وەزیری محەممەدی موسەدیق ١٩٥١ تا ١٩٥٣ کە لە چاورچێوەوی چالاکی حیزبیدا دەور و ڕۆلیان هەبوو واتە لە خۆپێشاندانەکانی ١٩٧٩ بە دژی ڕێژیمی پادشایەتی، کە چالاکانە بەشداریان کرد.

قۆناغی پاش سەرکەوتنی شۆرشی ١٩٧٩

لەم قۆناغەدا بەهۆی بەڕێوەچوونی یاساکانی شەرع لە لایەک و کۆماری ئیسلامی بەرامبەربە ژنان، ستەمی چینایەتی زۆر زەق و دواکەوتوانەتر بوونەوە لەسەر ژنان بە بەراوەرد بە ڕێژیمی پێشوو.

ژنان لەم قۆناغە بەرفراوانتر و چالاکانەتر لە ڕیزی خەبات بۆ گۆڕینی ڕێژیمی دەسەڵاتدار لەمەیدان دابوون.

بەهەزاران ژن لە ڕیزی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی ئۆپۆزسیۆنی ڕێژیم ڕێکخران و لە ڕەوتی خەبات بۆ گۆڕینی ڕێژیمی دەسەڵاتدار بەتایبەت لەساڵەکانی ١٩٨١ تا ٨٣ بەسەدان کەس لەو ژنانە گیانیان لێئەستێندرا و بە هەزاران کەسیان لە زیندانەکان توند کران.

ژنی کورد لە قۆناغی دوای شۆرشی ١٩٧٩

لەم قۆناغەدا بێجگە لە ستەمی چینایەتی و جنسیەتی (ئاپارتایدی جنسی) ژنی کورد ستەمی نەتەوەیشی لێدەکرێت. کە

ئەمە ژنی فارس ناگرێتەوە

واتە ژنی کورد ناتوانێ بە زمانی زگماکی، کوردی بخوێنێ، ناتوانێ گەشە بە کولتووری خۆی بدا، ناتوانێ لە مودیریەت و بەڕێوەبەری جوغرافیای کە لێی دەژی، بەشداربێ و ڕۆل و شوێنی هەبێ و بە کورتی و پوختی مافی بریاردان لەسەر چارەنوسی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی هەبێ.

لەم قۆناغەدا بەسەدان ژنی کورد لە ڕیزی ڕێکخراوەکانی نەتەوەیی و چەپ لە کوردستاندا بوونیان هەیە و لە سەنگەری بەرگریدان لە بەرامبەر هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان ، بە تایبەتی لە ساڵەکانی نیوەی یەکەمی ١٩٨٠ لە پرۆسەی بەرگری لە کوردستان لەڕیزی حیزبی نەتەوەیی و چەپەکاندا، بەدەیان ژنی کورد گیانیان بەخت کرد.

لەم سالانەشدا خەباتی ژنی کورد لەژێر کارتێکەری خەباتی نەتەوەیی و چینایەتی لەڕیزی حیزبە نەتەوەیەکان و چەپەکان دا و بۆ بە دەستەبەرکردنی ئامانجەکانیان لە خەبات و تێکۆشان دان.

واتە خەباتی ژنی کورد لە دێرزەمانەوە لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوونی هەبووە، لە سەدەی بیستەم شۆرشی ژنی کورد بە دوو دەورەی پێش شۆرشی گەلانی ئێران و دوای شۆڕش دابەش دەبێ.

پێش شۆڕشی گەلانی ئێران بەپێی سوننەتی خەبات، نۆڕمەکانی کۆمەلایەتی و بێبەش لە تیکنیک و تیکنولۆژی سەردەم کە بتوانێ ژنان لە زۆر بواری گرینگی کۆمەڵایەتی دا ئاگادار یان وشیار کاتەوە لە ڕاستیدا زۆر کەم لە ئارا دا بوو. بەڵام هەر ناوچەیەک لە کوردستان ئەگەر جموجۆڵی لێ بووبێ، ژنان بە تایبەتمەندییەکانی واقعی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان، ڕۆڵ و کارتێکەریی ڕێژەیی خۆیان هەبوە. ئەوە واقعییەتێکە بزووتنەوەی ژنان حاڵەتێکی ڕێکخراوایی و سیاسی بەخۆیەوە نەبینیەوە دیارە ئەوە بەومانایە نییە کە ڕێژەی کەمی ژنان لەو بوارانە دا بەربەستێکی جیددی، لە بزاڤی جووڵانەوەی کوردیدا بێت و حاشای لێناکرێت ژنان وەک تۆێژێکی باوەڕ پێکراو و پشتیوانێکی متمانەدار لە ڕەوڕەوەی جووڵانەوەکان دا، تەئسیر و کاریگەریی خۆیان هەبووە.

ئەوە لە حاڵەتێک دایە کە کۆمەڵگە هێژموونی پیاوسالاری بەسەردا سەپاوە و زۆربەی کۆمەڵگە نەخوێندەوارە و تانوپۆی کۆمەڵگە لەژێر پێکهاتەیی سەختی کۆمەڵایەتی دا، قۆناغەکانی ژیان تێپەڕ دەکا، بەو واتایە ژن تێکەڵاوە لە ژیانی فیئۆدالی، نیوە فیئۆدالی و ئاژڵداریی کە کاریگەرییەکانی ئایینی و مەزهەبی، کولتوور و نەریتی خوجێی و دواکەتووی و هێژمۆنیی نێرسالاریی لە کوردستان و ناوچەکانی دەروبەریی کوردستان، کارتێکەریان لە گەشە و پێشکەتوویی ژنان و

کچان دا، هەیە.

بەڵام دەرفەتەکان لە مێژوودا، ئەوەمان پێ دەڵێن کە نەتەوەی کورد بەگشتی هەستی بەو کەمایەسییە کردووە، کە نەبوونی چالاکی ژنان لە بواره جۆراجۆرەکان دا، زەرەرمەندن بۆ پێشکەوتن. بۆ نموونە دەرفەتیی زێڕینی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ دا، کە کۆمەڵگەی سیاسی کوردی ئەوکاتی بەو قەناعەتە گەیاند، پەیڕەوی لە بەرنامەیەکی سەردەمیانە بکا تا ویست و داخوازییەکانی ژنان تایبەت بەخۆیان بێنەگۆڕ، لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان (حیزبی یایانی کوردستان) بووتا ژنان و کیژان لە دەستکەوتە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان دا بەشدار بن.

نووسراوە و بەڵگەکانی کۆمار ئەو ڕاستییەیان درخستوە کە ژنان و کچان ڕۆلیان لەبواری پەروەردە و ڕێکخراوەیی دا هەبوە. تەنانەت کارەساتی ڕووخاندنی کۆماریش و سەرکوتی بزووتنەوەی ئەوکاتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەیتوانی ئەو زەمینە زێهنییە، یا ئەو پەروەردە بنچینەییە لەنێو کۆمەڵگەی کوردی دا بسڕێتەوە و دەبینیین لە شۆڕشی ٥٧ دا، ژنانێش لەو دەرفەتەدا بەپێی تواناییان بەشداریان لە شۆڕش و دەستکەوتەکانی دا کرد. ڕێکخستنیان لەنێو ئەحزابی سیاسی و ڕێکخراوە سینفییەکان دا لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران تا بە ئێستا بەڵگەیە بۆ ئەو ڕاستیە.

بزوتنەوەی ژنان لە قۆناغی یەکەمدا دوای شۆڕشی گەلانی ئێران واتە لە دەورەی ڕەفسەنجانی و "گەڵاڵەی سازەندەگی" ناوبراو و شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق بوو کە لەسەرێەک بۆ ژنانی سێکۆلار و جیابیر دەستکەوتێکی ئەوتۆی نەبوو و چالاکانی ئەو بەشەش بە تۆندی سەرکوت دەکران.

قۆناغی دووەم، دوو دەورە کابینەی خاتەمییە کە دروشمی "گەل سالاریی دینی و چاکسازی" هەڵگرتبوو. ئەوکات بە چەند هۆکاری نێوخۆیی و دەرەکیی فەزای داخراوی سیاسیی نێوخۆیی ولات چڕژی تێکەوت کە چالاکانی مەدەنیی و مافخواز قوستیانەوە. بەمجۆرە خێرا کۆمەڵگە لە بواری فەرهەنگی، ئەدەبی، هونەری و چاپەمەنی جموجۆڵێکی ڕێژەیی بەخۆوە بینی. لەو بارودۆخەدا ژنانیش تا ڕادەیەکی باش توانیان دووبارە بێنەوە مەیدان و خۆیان ڕێکخەنەوە. بەتایبەتی ژنانی کورد لەم قۆناغە لە ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا، لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان، لە ئەنجومەنە ئەدەبییەکان و خوێندنگەکان گەشەی باشیان کرد و لەگەڵ بزووتنەوەی ژنانی ئێرانیش تا ئاستێکی بەرچاو هەماهەنگ بوون.

قۆناغی سێیەم، دوو دەورە سەرکۆماریی ئەحمەدیئەژادە کە بۆ بزووتنەوەی سێکۆلاری ژنان لە ئێران و کوردستان دەستکەوتی بەرچاوی نەبوو. لە سیستمی دەسەڵات و کابینەکەی لەبەشی وەزارەت و ڕاوێژکاریدا، بایەخ بە ژنان لە لایەنی بناژۆخوازی نێو دەسەڵات دەدرێ، بەڵام لە بەرانبەر دا، ژنانی سێکۆلار لەگەڵ پەرەسەندی خێرای زانست و تێکنۆلۆژیی ڕایەڵە

کۆمەڵایەتییەکان و لەو بەشەدا، چالاک دەبن. هەرچەند چالاکانی پرسی ژن بە توندی سەرکوت دەکران.

بەباوەڕی من لەو دەورەیە دا، بزووتنەوەی ژنان بەرەوڕووی خەساڕێکی گەورە دەبێتەوە. سەرکوتی بێبەزیانەی ١٣٨٨ (٢٠٠٩) کە گیانی "ندا آقا سلطان" و زۆر کەس لە ناڕەزایەتییەکان کە بە "بزووتنەوە یا شەپۆلی سەوز" ناوبانگی دەرکرد ئیستێندران، گیران و ئەشکەنجە و زیندانی کران. بەڵام ئەساسی ئەو بزووتنەوەیە بە لەبەر چاوگرتنی فاکتی سەردەمیانە و ئاڵوگۆڕەکان لە تانوپۆی کۆمەڵایەتی و لە بیروڕای گشتیی وڵات دا، ئاسەواری فەرهەنگیی و زەمینەی زەینی دا، تا ڕادەیەک نیهادینە کرا.

لە دەرەوەی وڵاتیش ئەم ڕەوتە، ژمارەیەک لە ژنانی تاراوگەش لە دەوری یەک کۆدەکاتەوە و بە شێوەی سازمانی پێوەندییەکانی دەرەوە و نێوخۆ بۆ ئەو پرسە سەرنج ڕاکێش و کاریگەر دەکاو بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان وپەرەپێدانی تەشکیلاتی هەوڵ دەدا.

قۆناغی چوارەم، سەردەمی سەرکۆماریی حەسەنی ڕووحانییە کە بە پێچەوانەی ئەوەی خەڵک و ژنانیش چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕی مەخملی بوون، دەرکەوت کە ئاوڕێک بە پێی بەڵێنییەکانی لە گرفتەکانی خەڵک و کۆمەڵگە ناداتەوە. دیارە لەم قۆناغە دا بزووتنەوەی ژنان پێوەندییەکانی لەگەڵ نێوخۆ چڕوپڕتر دەکاتەوە. باشتر و ڕێکوپێکتر لەپێشوو لە سەرهێڵ دەمێننەوە و بە ئامرازەکانی تێکنۆلۆژی دەتوانێ بەشدار و هاندەری زۆربەی ناڕەزایەتییەکان بن.

لە ئاکامگیری ڕەوتی ماف خوازیی ژنان لەو چوار قۆناغە دا، دەبینیین کە سەرەڕای توندترین شێوەی سەرکوت، ژنان لە بەشە کۆمەڵایەتییەکان دا، ڕۆڵی خۆیان کەم و زۆر هەر دەگێڕن و زۆر جاریش لە ناڕەزایەتییەکان دا پێشەنگیشن.

قۆناغی پێنجەم (خەباتی نوێێ ژنان)

هەروەک دەزانن شۆڕشی ژینا زیاتر لە پێنج مانگە شەقام و شارەکانی ئێران و تەنانەت دەرەوەی وڵاتیشی تەنیوە و هەوڵ دەدا، بە شێوەگەلیی جۆراوجۆر ڕەنگدانەوە و کاریگەریی لە سەر بیروڕای گشتیی هەبێ. لەو شۆڕشە دا، ژنان و کچان پێشەنگن کە بە خۆشییەوە کۆمەڵگە بە باشی هەستی بە گرینگی دەور و ڕۆڵی ژن لەو شۆڕشە دا، کردوە و دەبینیین لە سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکان ئەمجارە دا، ژنان و کچان تایبەتمەندییەکی سەمبولیکیان لە شوناس و پێکهاتە و دروشمی خۆیاندا دیتۆتەوە کە توانیویەتی بیر و ڕای سیاسی و فەرهەنگی لە جیهان دا، بەدووی خۆی دا ڕاکێشێ، و بەشێکی زۆر گرینگی ناوەندی بڕیاردەری وڵاتانی هێناوەتە سەر هێڵ.

ئەم شۆڕشە پێناسەیەکی تایبەتی لەخۆی گرتوە کە بۆتە هۆکارێک کە دروشمێکی گونجاو و کاریگەریی لێ بخولقێت، "ژن ژیان ئازادی" کە هەوێنی ئەم شۆڕشەیە.

بێگومان بە هەڵکەوت نەبوە، بەڵکوو پێوەندی هەیە بە پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەروەها ئەو پاشخانەی زۆڵم و هەڵاواردنی نیزامی دەسەڵاتدار بەسەر ڕەگەزێک دا، دایسەپاندوە و بە هەموو شێوەیەک پێشی لێگیراوە تا تێکەڵ بە ڕەوتی نوێ و پێشکەوتن نەبێ.

بەڵام بەپێچەوانەی هەموو بەربەستەکانی نیزام، ژنان بوێرانە و هوشیارانە هەڵەکە دەقوازنەوەو دەستپێشخەریی لە ڕاپەڕین دەکەنو ویستە پەنگخواردووەکانیان تێکەڵ بە دەنگ و دروشمەکانی شەقام دەکەن و دەبن بە پێشەنگی ئەم سەرهەڵدانە.

گرینگی ئەو شۆڕشە و کاردانەوەکەی لە دنیای دەرەوە و پێویست بوونی پشتیوانانی زۆرتر لەو شۆڕشە بە بڕوای من دەگەڕێتەوە بۆ داوایەک یا هاوارێکی دادپەروەرانە و عەدالەت خوازانە بەو مانایە کە ئەو ڕەگەزە، بەدرێژایی مێژوو لەو نیزامە لە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگەکانی ئێران دا، لە زۆر بواردا چەوساوەتەوە و فاکتی سەرەکی ئەو چەوسانەوەیە، یاسای بنچینەیی لەسەر ویست و ڕۆڵی ژن، لە ژیانی کۆمەڵگە دا.

هەربۆیە یەکڕێزی ژنان و پیاوانی پێشکەتوو، بە هەموو جیاوازییە، سیاسی، فەرهەنگی، ئیدئۆلۆژی و بیروبۆچوونەکانی تایبەت بە خۆیان لە ڕەدەی جوغرافیای سیاسی ئێران دا، توانی بیروڕای گشتیی ژنانی جیهانی بەدوادا بێ.

چونکە ئەو ویستە لەڕووی پەسندی ڕێکخراوی مافی مرۆڤە و زۆربەی کۆنڤانسیۆنەکانی مافی مرۆڤ دا، داخوازیەکی ڕەوا و سەردەمیانەیە. هەرچەند دروست نییە ئەو شۆڕشە موتلەق بکەینەوە بە پرسی ژن، سەرەڕای ئەوەی بە شانازییەوە دەڵێم: چەخماغە شۆڕشەکە ژنانە بوو و پێداگریی دەکەم لەسەر ڕۆڵ و کاریگەریی ژن بۆ بەردەوامیان لە خۆپێشاندانەکان لە بەئەنجام گەیاندنی ویستەکانیانە کە بە پێی تەمەنی خەباتی گەلانی ئێران، ئەوە یەکەمین جارە کە مەجالێک دەڕخسێ تا بتوانن کاریگەریی لەسەر داخوازییەکانی نەتەواوەتی، کۆمەڵایەتیی و سیاسییان هەبێ.

شۆڕشی ژینا ئەم ڕاستیەی دەرخست کە ژنان لە کۆماری ئیسلامیدا دەردێکی هاوبەشیشیان هەیە، و بێ جیاوازی نەتەوەیی، ئیتنیکی و مەزهەبی، بەڕێوەچوونی ناپارتایدی جنسییە کە لە یاساکانی شەرع سەرچاوەی گرتووە و لەلایەن ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە ئێران بەڕێوە دەچی و هەر بۆیە تا گۆڕینی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هاتنە سەرکاری ڕێژیمێکی سێکۆلار و

دێموکراتیک، ئاسۆیەکی ڕوون و گەش بۆ مافی یەکسانی ژن و پیاو بەدەی ناکرێ.

من پێموایە ژنان ئەو هێز و پتانسێلەیان هەیە کە لە هەموو بازنەکانی سیاسی و دپلۆماسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی نەقشیان بەسەر ئەو ڕەوتەدا، زیاتر بێ و ڕەنگدانەوەی هەبێ. پێوبستە پەیامی سێلێبریتی و هونەرمەندەکانی جیهانی، ئەندامانی پارڵمان و بڕیارەکانی دیپلۆماسی و ئابووریی دەرەوە، و لە هەمووان گرینگتر بەردەوامی شێلگیری شەقام و کۆمەڵگە بۆ بە ئامانج گەیاندنی ئەو شۆڕشە، کە تێکۆشان بۆ ئازادی، بەرانبەریی و کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیک و یەکسانە، بە جیددی وەربگیرێن.

دەتوانم بڵێم بەخۆشییەوە کۆمەڵگە بەگشتی هەستی بە زەروورەتی ئەو ئاڵۆگۆڕە کردەوە کە دەبێ لە ئێران بێتە ئاراوە. ژنان لەو کۆمەڵگەیەدا و بەتایبەتی لەو شۆڕشە دا، سوکان بەدەستن و ڕۆڵی سەرەکیی دەگێڕن و بوێرانە سەرەڕای هەموو هەزینە قورسەکان کە تا ئێستا لەو پێناوە دا بەخشیویانە، ماونەتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ بە فۆرم و شێوەی جۆراوجۆر، پەیامی خۆڕاگریی و بەردەوام بوونیان دەگەینن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکێتی ژنانی دێموکرات:

٦ی بانەمەڕی ١٤٠٢ = ٢٦ی ئەپریلی ٢٠٢٣

کردەی بەکۆمەڵ



لە ڕۆژەڤی سیاسیی ئێستای کوردی ڕۆژهەڵاتدا خەباتی چەند ڕەهەندی بەدژی داگیرکەرانی نیشتمان بووە بە کولتووری خەباتگێڕی، ئەم ڕەوتە لە بەردەوامیی خۆیدا پێویستە هێز و لایەنە سیاسی و غەیرە سیاسییەکان و ڕێکخراوە کولتووری، وەرزشی، خوێندکاری و تەنانەت بیزنسمەنەکان لە نێوخۆی وڵات و دیاسپۆرا بەرەو بیرکردنەوە لە لابیگەری هان بدات.

لە کەس شاراوە نییە کە لابیگەری بۆ ئیمەی کورد بە مانای هێزێکی کاریگەرە بۆ ناساندن و چەسپاندنی ویستێکی بەحەق و ڕەوا کە لە ئارادایە و حاشای لێدەکرێت. ئەم ویستە لە دوو حاڵەتی سەرەکیدا مانا دەبەخشێ و ماتریالی واقعی خۆی دەردەخا و هەوڵی ناساندن و هەروەها هەوڵی بە قەناعەت گەیاندن دەدات.

یەکەم ڕەهەند دەتوانێت ڕوو بە یاسای سیستمی دەوڵەتێک بێت کە بەهەموو شێوە هەوڵ دەدا گۆڕانکاری بێنێتە ئاراوە بۆ چەسپاندنی ویستی پرسێک، ئەگەر ئەو ویستە ڕاستەوخۆ نەتوانێ سیستمی داخراوی ناوەندەکان بە قەناعەت بگەینێت، لە حاڵەتی دووهەم ناڕاستەوخۆ دەتوانێت بە ڕەهەندەکانی جۆراوجۆر، ویست و ئامانجەکانی خۆی بە شێوەیەکی بەربڵاوتر پراکتیزە بکات بۆ ئامانجێکی دیاریکراو؛ بۆ نموونە ماف و ویستی کورد. هەروەک ئاشکرایە کورد سەرەڕای هەموو هەوڵێک و قوربانیدانێک چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستادا لەپێناو مافەکانی، بەڵام نەتەوەی باڵادەست و داگیرکەری خاک و نیشتمانەکەی بەهۆی پاوانخوازی و بیری فاشیزمی نەیویستووە دان بەوە دابنێت کە کورد نەتەوەیە و مافی دیاریکردنی

چارەنووس و حوکمکردن لەسەر خاک و ولاتی خۆی هەیە. کە وایە پێویستە ناڕاستەوخۆ لە بەستێنەکانی تر و لە بازنەی فراوانتر لە دەرەوەی ولات لە دیاسپۆرا هەوڵی جیدی بدات بۆ ناساندن و بەرجەستەنواندنی شوناسی نەتەوەیی خۆی. دیارە لە ڕابردوودا تێکۆشەرانی کورد لە فۆرم و نۆرمی جیاواز لە قۆناغ و بارودۆخەکاندا، پرسی نەتەوەییان لە دیاسپۆرادا وەگەڕ خستووە و کاریان بۆ کردوە، بەڵام لە هەلومەرجی ئێستادا کورد پێویستی بە لۆبیگەرییەکی بەهێز هەیە لە گشت زەمینە و ڕەهەندەکاندا کە بتوانێت ئەو پەیوەندییانە بەهێزتر بکات و پتەوبوون و بەهێزبوونەکەش لە یەکڕیزی و گوتاری هاوبەش مانا پەیدا دەکات.

لە کۆمەڵناسیدا باسێکی گرینگ هەیە بە ناوی "کردەی بەکۆمەڵ (Collective Action" و کۆمەڵێک تیۆری لەم پێوەندییەدا هاتوونەتە ئاراوە. لەم تیۆرییانەدا هەندێک ئینديکس (پێوەر) وەک هاندەر، پاڵنەر و بنەما بۆ پێکهاتنی کردەی بەکۆمەڵ باس کراوە کە یەکێک لەوان شوناسە. ئەم تیوررییە باس لەوە دەکات کە شوناسی هاوبەش و دەرک و تێگەیشتنێکی هاوبەش لە شوناس دەبێتە پاڵنەر بۆ کردەی بەکۆمەڵ و پێویستە ئەم شوناسە بەکۆمەڵە لە کورددا بەهێزتر بکرێت، چونکی لە ئاستی کوردستانی گەورەدا کردەی بەکۆمەڵ بە قازانج یا لهپێناو چارەنووسی هاوبەشدا نابیندرێ. شۆڕشی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چەندیوچۆنیی کاردانەوەکان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکرێ نموونەیەک بن بۆ ئەوەی بڵێین لەو پێوەندییەدا لە ئاست هزری نەتەوەیی، لێکۆڵینەوەی مەعریفەتی، پلاندانان، بەمێدیایی‌کردن و هاوکاریی بەکۆمەڵ ڕەخنەمان لەسەرە. یان بە ڕوویەکی دیکەدا ئەگەرچی شوناسخوازی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتدا بەهێزترە، بەڵام لە ئاستی کوردستانی گەورەدا هێشتا نەگەیشتووینەتە قۆناغی وێژمان و شوناسی هاوبەش.

لەسەر ئەو ئەساسەش کورد بەتایبەت لە تاراوگە و لە دیسکۆرسی دیاسپۆرادا پێویستە زۆر هەماهەنگتر لە پێشوو لە گشت بوارەکانی ئابووری، فەرهەنگی و کولتووری، و هەروەها لە سیاسەت و دیپلۆماسی و لە هەمووی ئەم بەستینانەدا ژیرانەتر بە لەبەرچاوگرتنی کەرەسەکانی زانستی، تکنۆلۆژی و مێدیایی پێوەندییەکانی پەرە پێ بدات. چالاکی لە بواری کولتووریدا یەک لەو میکانیزمانەیە کە دەتوانێت لە لۆبیگەریدا ڕۆلی باشی هەبێت و مودیرییەتی ئەم بەشە دەکرێ لەلایەن دامەزراوەکانی وەک ڕەوەندی کوردی، فیدراسیۆنەکانی کوردی، ئەنجومەنە ئەدەبی و هونەرییەکان، ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنان لە دیاسپۆرا وەک پردی پێوەندی نێومانێ کورد و کۆمەڵگەی دەرەوە بکرێت. لە تەنیشت کار و پێوەندیی سیاسیی حیزبە سیاسییەکاندا ئەم ڕێکخراوانە و نوخبە سیاسییەکانی کورد لە دەرەوەی حیزبەکانیش لە مەداریکی بێلایەنی چالاکیی کولتووری و دیپلۆماسیدا دەتوانن بەنۆرەی خۆیان نوێنەرایەتیی ئەو شوناسخوازی و کاری بەکۆمەڵە بکەن. کارەساتەکانی وەک ژێنۆسایدی کورد، بۆمبارانی شیمیایی، ئەنفال، پرسی پەنابەری، خەبات و مافخوازیی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، جێگرتنی کورد لە بەرەی دژی تێرۆریزم وەک ئەوەی لە دژی داعش و لە ڕووداوەکانی وەک شەنگال و کۆبانی بیندران و تیشکخستنە سەر کولتووری ئاشتی و تۆلێرانس و بایەخەکانی شۆڕشی ژینا و لە درێژەی ئەدا حەماسە نەورۆزی

ئەمسالّی ڕۆژهەڵات هەموویان دەتوانن دەستمایەی ئەو خەبات و کاری بەکۆمەڵ بۆ پێوەندی و دیپلۆماسی و کارکردی دیاسپۆرا بن.

گرینگ ئەوەیە ئەم پرۆسەیە کاتیک دێتە دی لە هەموو ڕەهەندەکان و بەستێنەکان و هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان پێکەوە یەکدەنگ و یەکگر کاری لابیگەری بە گوتاری هاوبەش بۆ وەدیهاتنی ویست و داخوازی نەتەوایەتیمان بکەین. ئەوەش ئەرکێکی قورسی نیشتمانی دەخاتە سەر شانی هەموومان کە بە دەربازبوون لە بەرژەوەندییە تەسکە حیزبی و ڕێکخراوەییەکان ڕێگا بۆ دەستبەری بەرژەوندییە گشتییەکان خۆش بکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا:

٢٠ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤ = ٨ی ئەپریلی ٢٠٢٤

پەردەلادان لەسەر خوێناویترین جەنایەت لە میژووی کوردیدا



تیرۆر بە شێوەیەکی گشتی بە بەکارهێنانی توندوتیژی و ترس بۆ مەبەستی سیاسی، ئایدۆلۆژی یان ئایینی پێناسە دەکرێت، هەرچەند تیرۆر و تیرۆریزم لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە بابەتێکی ئالۆزە بەلام ئەم چەمکە لە چەندین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتیدا وەک بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان و پەیماننامەکانی پەیوەندیدار پێناسەی تایبەت بەو دەستەواژەیە کراوە، بۆ نمونە لە روانگەی مافی مرۆڤ،..

تیرۆر پێشێلکردنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤە، لە ڕووی نێودەوڵەتیشەوە ئاماژە بەوە کراوە کە حکوومەتەکان بەرپرسیارن لە پاراستنی هاوواڵتیانیان لە تیرۆر و ئەرکدار کراون بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاو لە ڕێگری کردن و بەرەنگاربوونەوە بە تیرۆریزم.

حکومەتەکانی هاوپەیمان ناچارن لە ڕێگەی هاوکاریی نێودەوڵەتییەوە بەرەنگاری تیرۆر ببنەوە، پێویستە لە ڕێگەی یاسا نێوخۆییەکان، زانیاری بگیەنن بە دادگاییکردنی تیرۆریستان و ڕێگری بکەن لە دارایی مالی و، کۆنترۆڵی ئەو گروپ و ناوەندانەی گومانیان لەسەر بێت ئەو ڕەوتە دەتوانێت یارمەتیدەری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ببێت بۆ سزای ئەو وڵاتانە یان ئەو تیم و کەسانەی کە پەیوەندییان بە تیرۆریزمەوە هەیە.

یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزم سووربوون لە ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی لەسەر پێناسەی تیرۆر و ناسینەوەی تیرۆریستانە، هەروەک ئاماژەمان پێدا.

بە شێوەیەکی گشتی، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم پێویستی بە هەماهەنگی نێودەوڵەتی هەیە، بەهێزکردنی یاسا و دامەزراوە ناوخۆییەکانی ئەمنییەتی لەنێوان وڵاتاندا دەتوانێت ڕۆڵی کاریگەر بگێڕێت،..

تیرۆری دکتۆر قاسملو کە یەکێکە لە هەستیارترین و ئاڵۆزترین کەیسەکان لە مێژووی هاوچەرخی ئێران و ئوروپادا بووە و ئەم کردەوە تیرۆریستییە کاردانەوەیەکی خراپی لە ڕووی سیاسی و یاساییەوە، هەروەها لە ڕوانگەی دیپلۆماسیشەوە تاحدودێک لێکەوتەوە، بەداخەوە بێدەنگی حکومەتی ئەوکاتی ئوتریش لە کەیسی تیرۆری د. قاسملو و هاوڕێیانی نەتواندرا، عامیلانی ئەم جینایەتە بە سزای نێودەوڵەتی بگەن..

هۆکاری بێدەنگی و داخستنی پەروەندەی تیرۆرکردنی دکتور قاسملوو، سات و سەودای ئابووری بەگشتی و، بەتایبەت فرۆشتنی چەکی قەدەغەکراوی شیمیایی هەروەها بارمتە کرانی چەندین کەس لە هاوولاتیانی ئوتریشی بوو، کە دەیتوانی بە جۆرێک کۆمەک بکا بە بالانسی کێشەکانی مابەینی ئێران و ئوتریش، لەو ڕاستایەش دا دیپلۆماتکارەکانی ئەم دوو وڵاتە توانیان بەبێ لەبەرچاوگرتنی یاسای نێودەوڵەتی پرۆسەی داخستنی پەروەندەی تیرۆری شەهید د.قاسملوو ئەو کات بەئەنجام بگێنن، هەرگیز ڕێگە نەدرا لێکۆڵینەوە لە کەیسێک کە تیایدا حکومەتێکی بیانی بە کوشتنی یەکێک لە ڕکابەرەکانی لەسەر خاکی وڵاتێکی دیکە تۆمەتبار بکرێت، کە بێگومان دەیتوانی چەندین ئاڵۆزی و کێشەی دیپلۆماسی لەگەڵ خۆیدا هەڵبگرێت ئەو کات حکومەتی ئوتریش ناچاردەبوو فشارە نێودەوڵەتییەکان و، پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ ئێراندا هاوسەنگ کاتەوە، لەوحالەتانەدا سروشتی بوو، نە حکومەتی ئوتریش نەحکومەتی ئێران هاوکاری پێویستیان لەبارەی لێکۆڵینەوەی ئەم کەیسەوە دابین نەکرد لەلایەک، لەلایەکی دیکە موسەممەم نەبوون و پەیگیر نەبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە چەند هۆکارێکی یاسایی، نەبوونی بەڵگەی پێویست مەجال بۆ دیپلۆماتکارانی هەر دوو وڵات ڕەخسا بۆ پێشکەشکردنی بەڵگەنامە و زانیاری پێویست بۆ ڕادەستکردنی گومانلێکراوەکان بە باوەشی ئێرانی تیرۆریستپەروەر، پەروەندەی تیرۆری قۆیەن داخراو ماوە.

داخستنی کەیسی تیرۆری دکتۆر قاسملو نموونەیەکە لە ئاڵۆزییە یاسایی و سیاسییەکانی کەیسەکانی تیرۆری نێودەوڵەتی. ڕووداوەکە نیشانی دا کە چۆن کێشە سیاسی و دیپلۆماسییەکان دەتوانن کاریگەری لەسەر بەدواداچوون و بەڕێوەبردنی عەدالەت وادڵپەروەری هەبێت. سەرەڕای داخستنی ڕەسمی کەیسەکە، ئەم کێشەیە لە یاد و مێژووی هاوچەرخدا دەمێنێتەوە، دوای تێپەڕ بوونی ٣٥سال بەسەر ئەم جینایەتە نێودەوڵەتییە دەر حەق گەلی کورد، یاساناسانی کورد شیلگیرانە لە هەوڵی بەدواداچوونی ئەم بێ عەدالەتییە دان، ئەوان پییان وایە لە ڕوانگەی یاسایی و سیاسییەوە، دەکرێت کەیسی تیرۆرکردنی دکتور قاسملو دووبارە بکرێتەوە، بەڵام ئەمە پشت دەبەستێت بە بارودۆخ و فاکتەری جۆراوجۆر.ئەگەر بەڵگەی نوێ پێشکەش بکرێت کە یارمەتیدەر بێت بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەهەندەکانی ئەم تیرۆرە، لەوانەیە کەیسەکە دووبارە بکرێتەوە،

بەڵگەنامەی نوێی، ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوە هەواڵگرییەکان وەدەست هاتوون، یان فشاری سیاسی و دیپلۆماسی لەلایەن وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە لەسەر یەک هەمووی ئەم بابەتانە دەتوانێت ڕۆڵێکی گرینگ ببینێت لە دووبارە کردنەوەی کەیسەکەدا. بۆ نموونە، پەرلەمانەکان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، یان نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانن داوای کردنەوەی کەیسەکە بکەن و فشار بخەنە سەر حکومەتەکان،

هەروەها گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناو ئەو وڵاتانەی کە بەشدارن لە کەیسەکەدا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ دووبارە کردنەوەی کەیسەکە. بۆ نموونە، گۆڕانکاری لە حکومەتەکانی ئوتریش و ئێران، کردنەوەی کەیسی تیرۆرکردنی دکتور قاسملو پێویستی بە هەماهەنگی یاسایی، سیاسی و دیپلۆماسی هەیە. بە ڕەچاوکردنی گرینگی ئەم حاڵەتە، پشتیوانی کوردانی دیاسپۆرا بۆ فشاری بەردەوام لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت لە بەرەوپێشبردنی ئەم پرۆسەیەدا.

بەو هیوایەی هەول و هیمەتی ئەو پسپۆرانەی کە لە بواری یاسایی نێودەوڵەتیەوە بۆ بەدواداچوونی کەیسی تروورری شەهید دکتور قاسملوو لە جەریان دان بە پشتگیری هەموو لایەک بە ئەنجامی حەقخوازانە و دادپەروەریانەی خۆی بگات.

سەرچاوە ماڵپەڕی: کوردستان میدیا

٥ی گەلاوێژی ١٤٠٣ = ٢٦ جوولای ٢٠٢٤

٢٥ی نۆڤەمبر و ئەرکی ژنان



هەروەک ئاگەدارن مێژووی ٢٥ی نۆڤەمبر دەگەڕێتەوە بۆ مەرگی سێ خوشکی خەباتکاری سیاسی کە زیاتر لە ٦٠ سال لەمەوپێش دژبە سیستمی کۆماری دۆمێنیکۆ بوون، دوای سێ مانگ لە بەندیخانە دەکەونە ژێر ئازار و ئەشکەنجە، دەبنە قوربانی ویست و ئامانجەکانیان.

٢١ سالّ دوای ئەو ڕووداوە لەشاری بۆگۆتا پێتەختی کۆلۆمبیا لە کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتی بەربەرین بە بەشداری چالاکوانانی مافی ژن، پێشنیار دەکرێت کە ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبر بۆ ڕێز لە خەباتی ئەم سێ خوشکە خەباتکارە بۆ سەرنجڕاکێشانی بیروڕای گشتیی بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوە بە تۆندوتیژی دژ بەژن، دیاری بکرێت. لە سالّی ١٩٩٩ ئەم پێشنیارە لە نەتەوەیەکگرتووەکان بەفەرمی دەناسرێت. دوای سالّێک ئەنجوومەنی تەناهی لە ژێر ناوی (ژن، ئاشتی، ئەمنییەت) کە هێلّی سەرەکی بڕیارنامەی ١٣٢٥ بوو، پەسند کراو لەو بڕیارنامەیەدا هەر چەشنە تۆندوتیژییەک بەرامبەر بە ژن ڕووبەڕووی یاسا و لێپرسینەوە ببێتەوە.

بەپێی پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەرچەشنە تۆندوتیژیی، ئازار و بێحورمەتییەک بە ژن، لەڕووی جەستەیی، جنسی، ڕەوانی و دەروونی، دەچێتە خانەی تۆندوتیژییەوە، زیاتر لە ٢٠ سالّ لەو بڕیارە تێپەڕ دەبێت. ئەگەر چاوخشاندنێک بە ئاماری سالانەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەتایبەت ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافی ژن بدەینەوە،

دەبینین کە تونـدوتیژی لە گشـت ولاتـانی جیهـان کەم یـان زۆر دژ بەژن بـوونی هەیە کە وایە ئەم کـردەوە نامرۆڤـانەیە تایبەت بە ولاتێک، ناوچەیەکی دیاریکراو نییە. ئەم کردەوانە لەگەڵ مرۆڤایەتی دەژین واتە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەڕەوانی مرۆڤەکـان بە کەشـی ژیـنگە و کولتـوور و نەریتـی خـۆجێی هەیە. دەکـرێ بڵێـین ڕێـژەی تونـدوتیژی دژی ژن لە ولاتـانی پێشکەوتوو، دێموکراتیک و ولاتـانی دواکەوتـوو و غەیـرە دێموکراتیـک وەک یەک بەراورد ناکرێت. بـۆ نمـوونە ولاتێکی وەک فینلاند کە بنەمای دارێژراوە لەسەر سیستمی سۆسیالیستی و دێموکراتیک یا مافی وەکیەک، ئەو ولاتە بەپێی سەرچاوەیەکی فەرمـی لەسـاڵی ٢٠١٦ کە لە ناوەنـدێکی ئەوروپاییـدا کـراوە. ٤٧٪ی ژنـانی ئەو ولاتە ڕووبەڕووی تونـدوتیژی بـوونەتەوە بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە لە ولاتانی پێشکەوتوو، یاساو سیستمی حکوومەتی لە کانانێکانی جۆراوجـۆر بـۆ دابینکـردن و پەرەپێـدان بە ئاسایشـی گشـتیی و ئەمنییەتـی تاکەکـانی کـۆمەڵگە و بنبڕکردنـی کـردەوەی تونـدوتیژی، بەدەیـان ناوەنـدی زانستی، پەروەردەیی، دەروونناسی بـۆ ڕاهێنـان و پەروەردەی خەڵـک دابینکـردووە. بەتـایبەت بـۆ ئەو کەسـانەی تونـدوتیژی دەخولقێنن لە کۆمەڵگەدا، سیستەمی حکوومەتی هەمووی ئەو کـردەوانەی کە دەبێتە مایەی بێبەنـدوباری و تونـدوتیژی، بە بەرنامەڕێژی و پڕۆژەی گونجاو لە هەوڵی چارەسـەرکردنیاندا هەن وهەوڵ دەدەن کیشـەکانی کـۆمەڵایەتی بەڕێژەیەکـی کەمتر بگەیەنن بەڵام پێچەوانەکەی لە ولاتانی دواکەوتـوو، سیستەمەکان، دیکتـاتۆرن، کۆنەپەرەسـتن بەتـایبەت لە ئێـران یاسـای حکـوومەتی مەزهەبـی، سـەرەکیترین هۆکـاری کێشـەکانی کـۆمەڵایەتین. رژێمێـک کە بۆداسـەپاندنی بەردەوامـی نیـزامەکەی بەرژەوەندی گشتی ولاتـی بەهەمـوو شێوە فیدای سـەرەڕۆیی و سەرکێشیەکانی کردووە بەجۆرێـک یـارمەتیـدەرن بـۆ کێشـەکانی کومەڵایەتی هەروەها یاسای ئەم نیزامە بەهۆکاری نافەرمانی لە بەرانبەر یاسای پەسەندکراوی نەتەوە یەکگرتوەکـان، خـۆی بـووەتە خـولقێنەری قەیـران، لەکـۆمەڵگەدا خەڵـک لەوپەڕی بێکـاری و هەژاریـیدا ژیـان بەسـەر دەبـات. ئەمە خـۆی هۆکـاری کێشـەکانی کـۆمەڵایەتی لێکەوتـووەتەوە، سـەرەڕای ئەمـانە خەڵـک زۆرجـار نەخـوازراو لە کەشـێکی داخـراو و ژەهراوییـدا لە سیستمێکی دیکتاتۆری ئیسلامی ولە فەرهەنگ و کولتووری داسەپاوی ئەم هێژمۆنییەدا گیردەکات. لە واقعیدا ژیـانی ئاسـایی، سیاسـی، ئـابووری، کولتـووری و ئاسایشـی گشـتیی ئەم خەڵـکە دەستیبەسـەردا گیـراوە، نیزامێـک کە بـۆ بەرژەوەنـدی لە دەستکەوتەکانی مافی مرۆڤ پێشیل دەکـات نـادموکراتیکە و نـامۆیە لەگەڵ یەکسـانی و مـافی وەکیەک. بـۆیە ئەم حکوومەتە ڕێـز لە ٢٥ی نـۆڤەمبر ڕۆژی جیهـانی دژی تونـدوتیژی بە ژنـان ناگرێت و بەفەرمی ناناسێت. خەڵـک نە لە کـۆمەڵگە نە لە چوارچێوەی بنەماڵەدا ئەمنییەت و ئاسایشیان بەهیچ جۆر پارێزراو نییە و ژیانیان پڕە لە دەغدەغەی دەروونی و دڵەڕاوکێ، تاکی کۆمەڵگە لەبواری، ئیتنیکی، ئایینی، ناوچەیی، ڕەگەزی. سەرقاڵی دووچاوگی و بێحورمەتین ئەم ڕاستیانە کە باڵیـان بەسـەر بـواری ڕۆحـی و ڕەوانـی تاکەکـانی کۆمەڵگاکەماندا کێشـاوە. سـەرەڕای بـوونی هەمـووی ئەم لەمپەرانە بەخۆشـییەوە دەبێنین، ڕادەی خوێندەواری وزانیاری لاوەکـانی کـوڕ و کچەکـانی نیشـتیمانەکەمان بەرەو هەڵکشـان و گەشەکردنە بە فەهمـی سـەردەمیانە، ئـێمەی ژنـیش هەسـت بەم زەرورەتـانە دەکەیـن کە بتـوانین بەرەو بنیاتنـانەوەی کـۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و یەکسانیخواز هەنگاو بنێنەوە. چالاکوانان چ لە کوردستان و چ لە دەرەوەی وڵات بۆ بنبڕکردنی هەرچەشنە زوڵم و ستەمێک، هەرشێوە تـوندوتیژییەک کە لەبەرامبەر ژنـاندا دەکرێت. بە هەر ڕێگەیەک کە بۆمان مومکینە دەبێ هەوڵ بـدەین کاریگەریمـان

هەبێت بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانمان لە راستای پرسی گشتیی و ویست و داخوازییەکانمان، پێویستە ژنی کورد هەنگاوەگان خێراتر بکاتەوە بۆ ئەوەی کە لە ژیانی رابردوودا دەربازبێت و وریاتر پێی بنێتە سەردەمی نوێ. ئەگەرچی ژنانی کۆمەڵگەکەمان بەرەوڕووی گیروگرفتی یاسای نیزامی مەزهەبی حکوومەتی ئێرانن کە بەداخەوە زۆربەی ژنان نەیانتوانیوە توانا وهێزی کارامەیی خۆیان بناسێنن و لە بواره گرنگەکانی وڵات و نیشتیماندا شانبەشانی پیاوان ڕۆڵی بنەمایی بگێڕێت و شوێندانەریان هەبێت بەڵام دەبێ بزانین سەرەڕای بەبوونی بەربەستەکانی کولتووری و یاسایی شەوە کەم نین ژنانی چالاک و خەباتگێڕ، خوێندەوار و ڕووناکبیر، ئەدیب و شاعیر، ڕۆژنامەنوس و میدیاکار.

ژنان لە کەشی داخراوی سەرکوتگەری مەزهەبی، ڕێژەیان لە مەیدانی نارەزایەتی، خۆپێشاندانەکان، دیار و بەرچاون، لە ڕیزی حیزبەکان و ڕێکخراوەکاندا چالاکن. دیارە ئەو ڕێژەیە بە لەبەرچاوگرتنی دانیشتووان کە ژن نیوەی کۆمەڵگە پێک دێنێت زۆر کەمە کە بتوانێت کاریگەریی باشی بەسەر پرسی گشتیی و بەتایبەت پرسی ژن دابنێت. بەبڕوای من ژنانی چالاکی کورد پێویستە لە ڕەهەندەکانی جۆراوجۆرخۆپێبگەیەنێت و لە زانستی نوێ، لەکەرەستەکانی تەکنۆلۆژیا دەبێ بەهەر شێوەیەک کە بۆمان بکرێت کاریگەریی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆمان بەسەر پەروەردەو ڕاهێنانی تاکی کۆمەڵگە هەبێت تا بتوانین ڕێژەی ژنانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ئەرکدار بکەین بۆ بەشداریی هەرچی زیاتری ئەوان لە گۆڕەپانی خەبات لەپێناو ئاڵوگۆڕ، چاکسازی و ریفۆرمی گشتیی خۆمان ببینینەوە. بێگومان ئەرکی قورستر دەکەوێتە سەرشانی ڕێکخراوەکان، بژاردە و نوخبەی ژنی ڕووناکبیر و پیاوانی یەکسانیخواز و دێموکراتی نیشتیمانەکەمان، کۆڕوکۆبوونەوەی سیاسی، زانستی، کۆمەڵایەتی دەبێ پێک بێنن هەتا لۆژیکی دیالۆگ و ڕۆشنگەرییەکان بتوانێت ڕەفتاری تاکی کۆمەڵ بەنیسبەت پرسی ژن، ماف و ویستی ژنان بەشێوەی سەردەمیانە بێنێتەئاراوەو کاریگەریی ئەرێنی بۆ کۆمەڵگاکەمان هەبێت.

هەر لەو سۆنگەوە ڕێکخراوەکان، چالاکوانانی پرسی ژن پێویستە گرینگی پەیامی ئەم ڕۆژە پیرۆزە، بە بیروڕای گشتیی کۆمەڵگەی خۆمان بگەیەنین هەروەها وەک بایەخێکی بنەمایی لەنێو پلاندا بەشێوەی جۆراوجۆر یارمەتیدەر بن لە بنبڕکردن یان کەمکردنی ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە کە دژی ژنان لەئارادایە، ئەگەرچی توانا و ڕەنگ و دەنگی ئێمەی ژنان لە ڕابردوو تا ئێستا، ڕاستەوخۆ نەیانتوانیوە وەک پێداویستییەکی هەقیقی و واقعبینانە، ئەساسنامە و بەندەکانی دەستووری ئێران بگۆڕێت بەڵام ناڕاستەوخۆ ڕێکخراوەکانی ژنان بەتایبەتی یەکێتیی ژنانی دێموکرات لە تریبونەکانی جۆراوجۆر لە کەنالی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریدا، بە کۆڕ و کۆبوونەوەی پەیوەندیدار لەسەر ئەم هەڵسوکەوتە ناحەزانە کە بەرانبەربە ژن دەکرێت، بەمیدیایی کردووە بەدەیان پسپۆرو شارەزای دەعوەت داوەوە تا زیان و خەساری ئەم کردەوانە لە گشت بوارەکاندا بناسێنێت، تا تاکی نێو کۆمەڵگە ئاگەداری ئەم دواکەوتوویی بکات کە چەندە دەتوانێت لە دژ بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی و ئەمنییەتی وڵاتدا بێت و بەربەست دابنیت بۆ ئازادی یان بەپێچەوانەکەی چەندە کاریگەری نەرێنی لەسەرپێوەرەکانی بنەمای دیموکراتیزەبوونی وڵاتدا دەبێت. ئێمە مانان پەیامی ئەم ڕۆژە بۆ بەرەنگاربوونەوە بەسەر هەر

چەشنە ئازار و تونـدوتیژییەک بەرانـبەر بە ژن و پرسـی ژن بەرز دەنـرخێنێن و بـۆ جێگیربـوونی یەکسـانیی کـۆمەڵایەتی پێشوازیی و پێشتگیری لە میکانیزمی گونجاو دەکەین.


بەوهیوایە هەموولایەکمان بەرپرسانە بەوردبینیەوە خەسارەکانی ڕابردوو بێنینە بەرباس و شیانبکەینەوە تا لەو پێناوەوە بە خوێندنەوەیەکی پێشکەوتووانەوە هەوڵ بدەین بەرەوداهاتوویەکی گەش و ڕووناک تا نەسلی نوێ، لەبەرانبەر پاراستنی بەهاکانی نیشتیمانی و وڵاتپارێزی و وڵات خۆشەویستیدا، لە تاڵاوی کێشەکانی داسەپاوی دابونەریتی کۆندا قەتیس نەبێ و ئەزموونە تاڵەکان دووپات نەکاتەوە.

بەلکو هەموو توانا و وزەکان بەبێ جیاوازیی لە پێناوی دروستکردنی متمانە، خزمەت و خزمەتگوزاریی بە یەکتر و ئاوەدانی نیشتیمانەکەماندا بێت.

سەرچاوە ماڵپەڕی: یەکێتی ژنانی دێموکرات

٨ی بەفرانبازی ١٤٠٣ = ٢٨ی دێسەمبەری ٢٠٢٤

هێزی نوخبە: توانایەکی کاریگەر، بەربڵاو و شوێندانەر



بە گشتی، مرۆڤ لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بە هەموو چین و تووێژەکانیەوە، ڕۆڵێکی چالاکی هەیە لە بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانە و پەرەپێدانی ئاوەدانی کۆمەڵگە و نیشتمان. ئەم چالاکییانە پەیوەندی بە تواناکان، وزە و هەستەکانیانەوە هەیە، کە لە بوارگەلی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریەوە کاریگەرییان دەبێت بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان، ئاسوودەیی، بەختەوەری و سەروەری گشتی. هەروەها، لە سەردەمی ئێستادا بەشێکی بەرچاو لە مرۆڤەکان خوێندەوارن و کاتەکانیان بۆ خوێندنەوە، تووێژینەوە، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی کێشە و ئاڵۆزییەکان تەرخان دەکەن. ئەوان بە وردی پرسیار دەکەن، ڕەخنە دەگرن و وڵام و ڕوونکردنەوەی قووڵ سەبارەت بە بابەتەکان پێشکەش دەکەن. ئەمە تایبەتمەندییەکی گرنگ و سەرەکییە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە نەبێتە قوربانیی تێڕوانینی تاکلایەنی یان تەنیا تووێژێکی کۆمەڵگە، بەڵکوو دەبێتە شوێنێک بۆ یەکگرتوویی و گۆڕینەوەی بیروڕای جیاواز لەسەر کێشەکان.

مرۆڤی هەڵکەوتە جیا لەوەیکە دەبێ شارەزایی بەسەر زانستەکاندا هەبێ و وێڕای خوێندنەوە ڕاڤە بکا و ڕەخنە بگرێ دەکرێ هەڵگری ڕەوشتە جوانەکانی مرۆڤایەتیش بێت ئەوەیکە ئەفلاتۆن پێی دەڵێ "فەزیلەتی ئینسانی". لێرەدایە بوونی ئاسایش و تەناهی گونجاویش بۆ پیشکەوتنی زیاتر دەردەکەوێ. لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، کۆمەڵگەی سیاسی بە هانای کۆمەڵگەی مەدەنییەوە دێ و بەستێنی لەباری بۆ گەشە و چالاکی و کار کردن ئامادە دەکات، ئەوان لە ڕێگەی دامەزراوە و ناوەند و بەرنامەی ماددی و مەعنەوییەوە پشتیوانی لە کەسانی کارامە و دەستەبژێر دەکەن. دەسەڵات بۆ قازانجی خۆیشی بێ پێشوازی و پشتیوانی لە ڕووناکبیران و داخوازییەکانی نوخبەکانیان دەکات و بەرهەمی فیکری و زانستییان لە هەموو بوارەکانەوە لێ وەردەگرن و چیان پیویست بێ بۆیان دابین دەکەن.

کێشەی نەبوونی ناوەند و سەرچاوە بۆ نوخبەکان

بەداخەوە، لە نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیدا، ئەم خزمەتگوزارییانە یان ئەو سیاسەتانەی بڕەو بە گەشەی زانستی و مرۆیی دەدەن، لەو ووڵاتانەی کوردیان بەسەر دابەش کراوە یان بوونی نیە یان لەبەر هەڵاواردن بەشیان ناکات، بە شێوەیەکی گشتی لەم بەشەشدا نادادپەروەری هەستی پێ دەکرێ، تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا نەک هەر ڕێگایان بۆ ناکەنەوە بەڵکوو دەبنە لەمپەر و گرفتیان بۆ ساز دەکەن.

بوونی دامەزراوە یان ناوەند و ژووری فکری، توێژینەوە و ڕێنمایی لە بواری جیاوازەکاندا، بەدڵنیاییەوە دەبێتە پشتوپەنا و وێستگەیەکی ڕاست و ئامادە بۆ نوخبەکان. ئەگە ئەو ناوەندە بواریکی بۆ بڕەخسێنرێت، ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی نوخبەکان لە پاراستنی نیشتمان و کۆمەڵگەدا بەهێزتر دەبێت و بەشداریەکی کاریگەرتر دەکەن. لێرەدایە هەست بەوە دەکرێت کە دەبێ هەرچۆنێک بێ پشتیوانی لە مرۆڤانی بەتوانا، خوێندکار و نوخبەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکرێت. لە هەمان کاتدا، داگیرکەر بە بەرنامە و بەکارهێنانی هێزی سیستەماتیک، هەوڵی کەمکردنەوەی کاریگەری نوخبە و ئیلیتی نیشتمانی دەدات. ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی بەتوانا و زانا بەهۆی فشار و تۆندوتیژی یاسایی و سیاسییەوە لە وڵات و ناوچەکانیان دوورخراونەتەوە یان زیندانی کراون.

چالاکییەکانی نوخبە لە دیاسپۆرا

بەشێک لە نوخبەکان لە دیاسپۆرا (تاراوگە) بە شێوەیەکی جیاواز کار دەکەن و هەوڵ دەدەن بۆ پاراستنی ماف و کەرامەتی مرۆڤ، بە گشتی و بەتایبەتی لە دژی تواندنەوە و پێشێلکردنی مافەکانی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ڕێکخراوەکاندا یان بە شێوەی تاکەکەسی، تێکۆشان و چالاکی دەکەن. لە هەلومەرجی ئاڵۆزی ئێستادا، پێویستە ناوەندە سیاسی و حیزبییەکان – بەتایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – ئەرکی ڕێنمایی و سەرپەرشتیکردنی نوخبە و ئیلیتە بەرز و بڵاوەکانی کورد لە تاراوگە بگرنە ئەستۆ. ئەمە یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی نوخبە و کادری سیاسی بە شێوەیەکی ڕێکخراو و پەیوەندیدار بەیەکەوە گرێ بدرێن و بیروڕا و ئەزموونەکانی توێژینەوەی حزبی و ناحزبی بە باشی هەڵبژێرن و بەکاریان بهێنن.

ئەم هەماهەنگییە دەتوانێت هەر جۆرە کەلێن و کێشەیەک لە نێوان چین و توێژە جیاوازەکان کەم بکاتەوە و ڕۆحی هاوکاری و پشتیوانی لە یەکتر بەهێزتر بکات، بۆ ئەوەی مرۆڤی زانا و بەتوانا کاریگەرییەکی باشتر و گشتگیرتری لە هەموو بوارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا هەبێت.

سەرچاوە ماڵپەڕی: کوردستان میدیا - ٢٤ی خەرمانانی ٢٧٢٥ = ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٥

کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا: لە شوناسی کولتوورییەوە هەتا داخوازیی سیاسی و نەتەوەیی



